Coxalgia	وراك	جومگەی ڕان ئێشە
Coxodynia	وجع الورك	جومگەی ڕان ئێشە
Coxofemoral	وركي قخذي	جومگەڕانی
Coxotomy	بضع مفصل الورك	جومگەی ڕان هەڵدڕین
Crab - Crab Louse	قمل العانة	چنگنە
Crackle	قرقعة	قرچە، قرچە قرچ
Cradle	قفص	قەفەز
Electric. C	قفص كهربائي	قەفەزی کارەبایی
Heat. C	قفص حراري	قەفەزی گەرمی
Cramp	مغص	ژان، بەگیر وەستان، جەمامبوون
Heat. C	مغص الحر	ژانی گەرم
Muscle. C	مغص عضلي	ماسوولکە ئێشە، جەمامبوون
Cranial	قحفي	کەللەیی
Craniectomy	قطع القحف	کەللە بڕین
Cranio (Prefix)	قحف (سابقة)	کەللەیی (پێشگر)
Cranio Aural	قحفي أذني	کەللەیی گوێچکەیی
Craniod Buccal	قحفي فمي	کەللەیی دەمی
Craniocele	قيلة قحفية	قۆڕی کەللە
Craniocerebral	قحفي مخي	کەللەیی مێشکی
Cranio Clasis	تكسير القحف	کەللە شکاندن
Cranio Facial	قحفي وجهي	کەللەیی ڕوویی
Craniography	تصوير الجمجمة	وێنەگرتنی کەللەسەر
Craniomalacia	تلين القحف	کەللە نەرمبوون (ئێسکە کەللە نەرم دەبن)
Craniomater	مقياس الجمجمة	کەللە پێو
Cranio Pathy	اعتلال قحفي	نەخۆش کەللە
Craniopharyngeal	قحفي بلعومي	کەللەیی گەرویی
Cranioschisis	فلق قحف خلقي	قڵیشی زگماکی کەللە
Craniosclerosis	تثخن غطام القحف	ئەستووربوونی ئێسکەکانی کەللە

Craniospina	قحفي شوكي	کەللەیی دڕکنی
Craniostenosis	تضيق القحف	تەنگبوونەوەی درزەکانی کەلله
Craniostosis	تعظم دروز القحف	ئێسکاندنی درزەکانی کەلله
Craniotomy	الفد غ	کەلله هەڵدڕین
Cranitis	التهاب عظام الجمجمة	هەوکردنی ئێسکەکانی کەلله
Cranium	قحف	کەللەی سەر، کاسەی سەر، کایۆڵ
Crater	فوهة	کون، دەم
Cream	قشدة	قەیماخ، سەر تووێژ
Cremation	حرق الجثة	تەرم سووتان، لاشە سوتاندن
Crena	شق	قلّیش، درز
Crenated	مُفرّض	قلّیشاو، درزاوی، دابڕکراو
Crenation	تفريض	قلّیشاندن، دابڕکردن، درزکردن
Creno Therapy	المعالجة بالمياه المعدنية	بەگەڕاو چارەکردن
Crpitation	فرقعة	قرچە، قرچە قرچ
Crepitus	فرقعة	قرچە
Articular. C	فرقعة مفصلية	قرچەی جومگەیی
Bone. C	فرقعة عظمية	قرچەی ئێسک
Joint. C	فرقعة مفصلية	قرچەی جومگەیی
Crescent	هلال	کەوانە، داس
Cresomania	هوس الثراء	شێتی دارایی
Crest	صرف	لێوار، قەراخ، کەنار
Cribrte	مصفي	کوناوی، کون کون
Cricoid	فتخي	بازنەیی، ئەڵقەیی، کەمەرەیی
C. Cartilage	عضروف الفتخي	کرکرەی بازنەیی
Cricoidectomy	قطع الفضروف الفتخي	کرکرەی بازنەیی بڕین
Cricopharyngeal	فتخي بلعومي	بازنەیی گەورەیی
Cricotomy	شق الفتخي	کرکرەی بازنەیی هەڵدڕین
Crinis	شعر	موو
C. Capitus	شعر الرأس	مووی سەر، قژی سەر
C. Pubis	شعر العانة	مووی بەر

Crisis	نوبة	نۆرە، گرتن (وەکو دەڵێن کۆکە گرتی)
Crista = Crest	صرف	لێوار، کەناری، قەراخ
Cristal = Crestal	صرفي	لێواری، کەناری قەراخی
Critical	حرج	تەنگانە
Cross	صليب، متصالب	خاچ ، ڕاست و چەپ
C. Eye	حول	خێڵی
C. Way	تقاطع	دوو ڕییان، چواڕییان
Croup	صرير	هەوکردنی بۆڕیچەکانی سی و تەنگی هەناسە
Crucible	بودقة	بۆتە
Crude	خام	خاو
Crural	ساقي	قاچی، لاقی
Crus	ساق	لاق، قاچ
Crushing	هدس	تێک شکان، پلیشانەوە
Crust = Crusta	قشرة، جلبة	تووێژ، قەتاغە
Crutch	عكاز	دار شەق
Crux	صليب	خاچ
Cry	صرخة	هاوار، قیژە
Epilaptic. C	صرخة الصرع	قیژەی فێ، قیژەی پەرکەم
Night. G	صرخة الليل	قیژەی شەو، هاواری شەو
Cryalgesia	ألم القر	ژانە ساردی، ژانە سەرما
Cryesthesia	حساسية القر	سەرما بردەڵە، هەستی سەرما
Crymoanesthesia	التخدير القري	بەسەرما سڕبوون، سڕکردن بە ساردی
Crymodynia	ألم القري	ئازاری سەرما
Crymotherapy	معالجة قرية	بەساردی چارەکردن
Cryopathy	مرض القر	نەخۆشی سەرما
Cryotherapy	معالجة قرية	بەساردی چارەسەرکردن
Cryotolerant	متحمل البرد	بەرگەی سەرما گرتوو

Crypt	خبئ، خفي	شادراوه، چاڵ
Crystal	بلورة	بلوور، کریستاڵ
Crystalline	بلوري	بلووری، کریستاڵی
Crystallitis	التهاب البلورة	هەوکردنی بلووری (تیشکە چاو)
Crystallization	تبلور	بوونە بلوور
Crystalloid	بلوراني	وەکو بلور، لەبلور بچێت
Crystallurea	بيلة البلورات	میزی بلوراوی (میزێک بلووری تێدابێ)
Cubicle	مكعبة	شەشلا، شەشڕوو
Cubitus	مرفق	ئانیشک، بازوو
Cuboid	مكعب	شەشلایی، شەشڕوویی
C. Bone	العظم النردي	ئێسکی شەشلا
Cucumber	خيار	خەیار، ئارو
Cuff	كفتة	بزمە، فەقیانە، دەرەلنگ، پزوو
Cul De Sac	ردب	بۆشاییەک لویەکی گیرابێت
Culex	الحرش	جۆرە مشوولەیەکی ئەمریکاییە
Cultivation	استنبات	ڕووواندن
Culture	مزرعة، ثقافة	کێڵگە، ڕۆشنبیری
Agar. C	مستنبت اكار	کێڵگەش، ناو ئاگار
Blood Serum. C	مستنبت المصل	کێڵگەی خوێناو
Bouillon. C	مستنبت المرق	کێڵگەی شۆربا (شلە)
Dextrose. C	مستنبت الدكستروز	کێڵگەی دێکستڕۆز
Egg. C	مستنبت البيض	کێڵگەی هێلکە
Egg Albumin. C	مستنبت الأح	کێڵگەی سپێنەی هێلکە
Gelatin. C	مستنبت الهلام	کێڵگەی جەلاتین
Meat Extract. C	مستنبت خلاصة اللحم	کێڵگەی گۆشتاو
Pure. C	مستنبت نقية	کێڵگەی خاوێن
Saccharose. C	مستنبت سكروز	کێڵگەی سوکەڕۆز
Selective. C	مستنبت انتقائي	کێڵگەی هەڵبژاردە

Suger Free. C	مستنبت بلا سكر	بێ شەکر ڕوێنراو
Tissue. C	مستنبت نسيجي	کێڵگەی چێنراو
Tube. C	مستنبت الانبوب	کێڵگەی ناو بۆری
Cuneiform	اسفيني	پوازی (ئێسکێکە لە مەچەکدا)
Cunns	فرج	ناوگەڵ، قوز
Cup	كوب	پیاڵە – کوپ
Cupping	الحجامة	کەڵەشاخ گرتن
Curd	روب	ماست
Cure	علاج، شفاء	چارەکردن، چاکبوونەوە
Diet. C	علاج غذائي	بەخواردەمەنی چارەکردن
Radical. C	علاج جذري	چارەکردنی بنەبڕی
Curete = Curette	مكحتة، مجرفة	بێڵ، خاکەناز
Curettage	كحت، جرف	کڕاندن، ڕامااڵین
Curie Therapy	المعالجة بالراديوم	بەرادیۆم چارەکردن
Curling	التواء	نوشتاوە
Current	تيار	لووزەو، تەزو، شەپۆل
Electric. C	تيار كهربائي	لووزەوی کارەبایی، شەپۆلی کارەبایی
Faradic. C	تيار فرادي	لوورەوی فارادایی
Galvanic. C	تيار كلفاني	لووزەوی گالڤانی
Curvature	اتحناء – متحني	چەماوە، کەوانەیی
Greater. C. of Stomach	انحناء المعدة الكبير	چەماوەگەورەی گەدە
Lesser. C. of Stomach	أنحناء المعدة الصغير	چەماوە بچووکەی گەدە
Spinal. C	أنحناء الصلب	چەماوەی مورەگەی پشت
Cushion	وسادة	سەرین، پشتی
Cusp	شرفة، مصراع	کڕسپ (شتێک بەرز بووبێتەوە)
Cuspid	ناب	کەڵبە (ددانی یەک کۆسپی)
Cutaneous	جلدي	پێستی
Cuticle	البشرة	چینی دەرەوەی پێست
Cuticolor	جلدي اللون	پێست ڕەنگ
Cuticularization	تندب	گۆشت پارەکردن

Cutis	الجلد	پێست
Cutitis	التهاب الجلد	هەوکردنی پێست
Cyanopia = Cyanopsia	الرعوية الزرقاء	شینبینی (هەموو شتێک بەڕەنگی شین دەبینێ)
Cyanosis	زراق	شین هەڵگەڕان، شین بوونەوە
Central. C	زراق مركزي	شین هەڵگەڕانی چەقی
False. C	زراق كاذب	شین هەڵگەڕانە درۆزنە
Peripheral. C	زراق محيطي	شین هەڵگەڕانە پەلوپۆ (هەرچوار پەل)
Cycle	دورة	خول، سوورِ، چەرخە
Cardiac. C	الدورة القلبية	خولی دڵی
Life. C	دورة الحياة	خولی ژیان
Menstrual. C	دورة الحيض	خولی مەهک
Reproductive. C	دورة التناسل	خولی زاووزێ
Cyesis	حمل	سکپڕی، ئاوس
Cylinde	اسطوانة	ستوون، لوولەک
Cyst	كيس	تووڕەکە، کیسە
Adventitious. C	كيس براني	تووڕەکەی دەرەوە (دەرەکی)
Air. C	كيس هوائي	تووڕەکەی با (هەوا)
Brachial. C	كيس غلصمي	تووڕەکەی باهویی
Cervical. C	كيس رقبي	تووڕەکەی ملی
Dermoid. C	كيس جلدي	پێستە تووڕەکە
False. C	كيس كاذب	تووڕەکەی درۆزنە
Gas. C	كيس غازي	تووڕەکەی گازی
Lacteal. C	كيس حليبي	تووڕەکەی شیری
Multiocular. C	كيس متعدد الحجيرات	تووڕەکەی هەزار لۆغانە، تووڕەکەی خانە خانە
Neural. C	كيس عصبي	تووڕەکەی ڕەگی دەماری
Ovarian. C	كيس مبيض	تووڕەکەی گرادانی، هێلکەدانی
Pancreatic. C	كيس بانكرياس	تووڕەکەی پانکریاس

Cystalgia	ألم المثانة	ژانی میزڵدان-میزڵدان ئێشە
Cystectasia	توسع عنق المثانة	فراوانکردنی ملی میزڵدان
Cystectomy	قطع المثانة	میزڵدان بڕین
Cystic	مثاني، كيس	میزڵدانی، کیسەیی
Cystitis	التهاب المثانة	هەوکردنی میزڵدان
Cystogram	صورة المثانة	وێنەی میزڵدان
Cystolith	حصاة المثانة	بەردی میزڵدان
Cystolithectomy	استخراج حصاة المثانة	بەردی میزڵدان دەرهێنان
Cystolithiasis	تحص المثانة	بەردی میزڵدان دروستبوون
Cystolithotomy	استخراج حصاة المثانة	بەردی میزڵدان دەرهێنان
Cystophthisis	سل المثانة	سیلی میزڵدان
Cystoplagia	شلل المثانة	شەپڵەی میزڵدان
Cystoradiography	تصوير المثانة الشماعي	تیشکە وێنەگرتنی میزڵدان
Cystorrhagia	نزف المثانة	خوێنی میزڵدان بەربوون
Cystorrhaphy	رفو المثانة	میزڵدان دروونەوە
Cystoscope	منظار المثانة	میزڵدان بین
Cystotomy	شق المثانة	میزڵدان هەڵدڕین
Cystoracheotomy	شق عنق المثانة	ملی میزڵدان هەڵدڕین
Cyte = Cyto - (Prefix)	خلوي (سابقة)	خانەیی (پێشگر)
Cytochemistry	كيمياء الخلايا	کیمیای خانە
Cytogenesis	تكوين الخلايا	خانە دروستبوون
Cytologist	عالم الخلايا	پسپۆڕی خانە، خانەناس
Cytology	علم الخلايا	زانستی خانە، خانە زانی
Cytolysis	حل الخلية	خانە توانەوە
Cytometry	عدد الكريات	خڕۆکە ژماردن
Cytomorphosis	تشكل الخلايا	خانە پێکهاتن
Cytophacous	أكل الخلية	خانەخۆر
Cytophil	ميال الخلية	حەز لە خانە کردن
Cytophylaxis	محافظة الخلية	خانە پاراستن
Cytophysiology	فيزيولوجيا الخلايا	فیزیۆلۆجیی خانە
Cytopigment	صبغ الخلايا	کارەندامزانیی خانە، ڕەنگی ناو خانە

ناوەڕۆکی خانە	محتوى الخلاية	Cytoplast
تەنی خانە، لەشی خانە	جسم الخلية	Cytosome
بەخانە چارەکردن، خانە چارە	المعالجة بالخلايا	Cytotherapy
ژەهرە خانە	سم الخلايا	Cytotoxin
لایەنی خانە گرتن	منحاز للخلايا	Cytotropic
خانە میزێ، میزێک خانەی تێدا بێت.	بيلة خلوية	Cyturea

D

Dacry = Dacro (Prefix)	دمع (سابقة)	فرمێسک (پێشگر)
Dacryo Adenectomy	قطع غدة الدمع	لووی فرمێسک بڕین
Dacryoadenitis	التهاب غدة الدمع	هەوکردنی لووی فرمێسک
Dacryocele	قيلة دمعية	دەرپۆقینی تووڕەکەی فرمێسک
Dacryocyst	دمع، كيس الدمع	تووڕەکەی فرمێسک، فرمێسکدان
Dacryocystitis	التهاب المدمع	هەوکردنی فرمێسکدان
Dacryolith	حصاة المدمع	زیخی فرمێسکدان
Dacryorrhea	سيلان الدم	فرمێسک ڕژان
Dacryostenosis	ضيق المدمع	تەنگیی فرمێسکە ڕۆ تەنگی لولەی فرمێسک
Dactyl=Dactylo (Prefix)	اصبع (سابقة)	پەنجە، قامک، ئەنگوست (پێشگر)
Dactylate	زوائد أصبعية	زیادە گۆشتی پەنجە
Dactyledema	تورم الاصابع	پەنجە ئاوسان
Dactylion = Dactylivm	التصاق الاصابع	پەنجە پێکەوەنووسان
Dactylitis	التهاب الاصابع	هەوکردنی پەنجە
Dactylocampsodynia	ألم تقلص الاصابع	ژانی پەنجەی نوشتاوە
Dactlogram	طبع الاصابع	مۆری پەنجە
Dactylogryposis	اتحناء الاصابع	پەنجە چەمینەوەی هەمیشەیی

Dactylolysis	حل الاصابع	پەنجە توانەوە، پەنجە پووکانەوە (وەکو لەخۆشی گولیدا)
Dactylospasm	تقلص الاصابع	پەنجە کرژبوون
Damp	رطب	شێدار، تەڕ
Dandruff	هبرية	کڕێش
Darte	حلأ	تامێسک
Data	معلومات	زانیاری
Date	تمر	خورما
Dead	ميّت	مردوو
Deaf	اصم	کەڕ
Deaf - Mute	أصم و أبكم	کەڕ و لاڵ
Deaf Ness	صمم	کەڕی
Deaquation	تكز، نكاز	وشککردنی
Death	الموت	مردن، مەرگ
Debile	ضعيف	بێ هێز، بێ تین
Debilitant	مضعف	بێ هێزکەر، بێ تینکەر
Debility	ضعف	بێ هێزی، لەری، لاوازی
Debridement	نضر الجروح	برین پاککردنەوە
Decapitation	فصل الرأس	سەر بڕین
Decapsulation	نزع المحفظة	بەرگ لێکردنەوە
Decay	تفسخ	ڕزین، بۆگەنکردن
Deceleration	تقليل السرعة	هێواشکردنەوە، خێرایی کەمکردنەوە
Decerebration	نزع المح	مێشک دەرهێنان
Decidva	الساقط	پەردە فڕێدان (پەردەی ناو منداڵدان)
Declination	انحدار	خواربوونەوە، لاربوونەوە
Decoction	مقلي	کوڵان
Decollation	فصل الرأس	سەر بڕین
Decoloration	نزع الصبغ	بێ ڕەنگ کردن، چووانەوە، ڕەنگ لابردن

Decomposition	تفسخ، تفكك	ڕزین، بۆگەنکردن، لێکهەڵوەشان
Decompression	تخفيف الضغط	پەستاوتن،(تەوژم)کەمکردنەوە
Decortication	تقشير	پاککردن، داتاشین، تویکلّکردن، تویکلّ لابردن
Decremant	تقليل	کەمکردنەوە
Decrepid	ضعيف	لەڕ، لاواز، بێ تین
Decrepition	فرقعة	قرچە، قرچە قرچ
Decrustation	نرع الحلبة، نزع القشرة	قەتماغە لابردن، قەتماغە لێکردنەوە
Decubitus	أضطجاع	پاڵکەوتن
Decurrent	أنحدار	گلۆربوونەوە، بەرەخواربوونەوە
Decurtate	تقصير	کورتکردن
Decussation	تصالب	چاخبوون، ڕاستوچەپ بوون
Dedentation	نزح السنون	ددان هەڵکێشان، ددان کێشان
Deep	عميق	قوولّ
Defecation	تغوط	گووکردن، ڕیان
Defective	معيب	ناتەواو
Defense	دفاع	پاراستن، بەرگریکردن
Deferens= Vas Deferens	الاسهر	تۆوەڕۆ، تۆمەڕۆ
Deferential	الأسهري	تۆمەڕۆیی
Deferentitis	التهاب الاسهر	هەوکردنی تۆمەڕۆ
Defervescence	افراق	تا نەمان، تا بەردان
Deficiency	عوز	نەبوونی، کەمی، کەموکوڕیی
Deflection	استدار إلي الجانب	بەلادا وەرچەرخان
Defloration	الافتراع، الافتضاض	بێ بن کردنی (کچ)
Defluvium	ضياع شعر الرأس	مووی سەر وەرین
Deforming	مشّوه	تێکچوو، ناتەواو، ناڕێک
Deformity	تشوه	ناڕێکی، ناتەواوی، تێکچوون
Degeneration	تنكس	دانە دواوە
Deglutition	بلع	قوتدان
Degree	درجة	پلە

Dehiscence	تعزز	درزبردن، قلّیشان
Postoperative. D	تعزز الجرح	قلّیشبردن (پاش نەشتەرسازی)
Dehydration	نكز، انكاز	وشکبوون، سیسبوون
Deinsectization	ازالة الحشرات	مەگەز نەهێشتن
Delacrimation	تدمع زائد	زۆر فرمێسک کردن
Delactation	قطع الحليب	بڕینەوە، لە شیر بڕینەوە، لە مەمک بڕینەوە، مەمک وشککردنەوە
Deleterious	ضار	ئازاربەخش، وەیدار، زیانبەخش
Delhi Boil or Sore	حبة بغداد	کوانب بەغدا، کوانی خورما
Deliquescence	صيوعة	شێ هەڵهێنان تلیسانەوە
Delirious	هذيان	دەبزرکێنێ، بزرکان – وڕێنە
Delirium		
Delivery	ولادة	منداڵبوون، زاین
Delousing	تغلية، أزالة القمل	ئەسپێ نەهێشتن
Delta	دلتا	سێ سووچ، دلتا، وشەی چوارەمی ئەلف و بێ یۆنانی Δ – د (دال)
Deltoid	الدالتية	سێ سووچی، سێ گۆشەیی
Deltoiditis	التهاب بالداتية	هەوکردنی سێ سووچی (ماوسولکە)
Delusion	توهم	باوەڕی هەڵە– دردۆنگ
Demarcation	تحديد	سنووردان، سنور پێدان
Dement	مخبول	شێت
Dementia	خبل	شێتی
Epileptic. D	خبل الصرع	شێتیی فێ، شێتی پەرکەم
Praecox. D	خبل مبكر	شێتیی پێش وەخت
Senile. D	خبل الشيخوخة	شێتیی پیری
Toxic. D	خبل سمي	شێتیی ژەهری

Demulcent	ملطق	نەرمکەرە، ئازار کەمکەرەوە
Dendrite = Dendron	تشجر	لقدار (وەکو درخت)
Densimete	مِكثاف	خەستییێو
Density	كَثافة	خەستی
Dental	سني	ددانی
Dentalgia	ألم السن	ددان ئێشە
Dentate	مسّنن	داندار، دابڕدابڕ
Dentist	طبيب الاسنان	پزیشکی ددان
Dentistry	طِبّ الاسنان	پزیشکایەتی ددان
Denture	أسنان صناعية	ددانی دەستکرد، تاقمی ددان
Denucleated	عديم النواة	بێ ناوک
Denudation	التعرية	ڕووتبوونەوە
Denutrition	نقص التغذية	کەمخۆراکی، کەمی خۆراک
Deodorant	منيلة الرائحة	بۆن نەهێڵ، بۆن لابەرە، بۆنبڕە
Deorsum	ألي التحت	بەرەوخوار، بۆ خوارەوە
Dependence	أعتماد	پشت پێ بەستن
Depigmentation	زوال الصباغ	ڕەنگ نەهێشتن، ڕەنگ لابردن ڕەنگ چوونەوە
Deplesion	نفاد	پوچکردن، بەتاڵکردن، بڕانەوە
Deposit	راسب	تلّپە، نیشتوو، بەڵغ
Depravation	تنزيل	دانە دواوە، گۆڕین بەرەو خراپتر
Depression	كآبة، انحساف	ماتی، تەپین، نشێوی
Deprivation	حرمان	نەمان
Depth	عمق	قوولّا، قوولّی
Derangement	اختلال	تێکچوون، ناڕێکی
Derivation	اشتقاق	خوێن دەرهێنان
Dermal	جلدي	پێستی
Dermalaxia	نعومة الجلد	پێست نەرمی
Dermatalgia	ألم الجلد	پێست ئێشە

خوێن تێزانی پێست	إحتقان الجلد	Dermathema
هەوکردنی پێست	التهاب الجلد	Dermatitis
هەوکردنی پێست بەخۆر یا بە تیشک	التهاب الجلد الشعي	D. Actinic
هەوکردنی پێستی بە گەرما	التهاب الجلد الحراري	D. Aestivalis
پێست هەوکردنی پووکاوەیی	التهاب الجلد الضموري	D. Atrophicans
پێست هەوکردنی هەستناکی	التهاب الجلد الألرجي	Allergic. D
پێست هەوکردنی بلۆقدار	التهاب الجلد الفقاعي	D. Bullosa
پێست هەورکدنی ئارایشتەیی	التهاب الجلد بالزوقات	D. cosmetic
پێست هەوکردنی پوولەکەدار	التهاب الجلد التوسغي	D. Exfdliative
پێست هەوکردنی تامێسکاوی	التهاب الجلد العقبولي	D. Herpatiformis
پێست هەوکردنی بەدەرمان	التهاب الجلد الدوائي	D. Medicamentosa
هەوکردنی پێستی گرێیاوی (گرێ گرێ)	التهاب الجلد العقدي	D. Nodularis
هەوکردنی پێستی پێشەیی	التهاب الجلد المهني	Occupational. D
تیشکە هەوکردنی پێست، هەوکردنی پێست بە تیشکی رۆنتگەن.	التهاب الجلد الشعاعي	Roentgen Ray. D
خۆرە هەوکردنی پێست	التهاب الجلد الشمس	D. Solaris
پێستە تووڕەکە	كيسي جلدي	Dermatocyst
پزیشکی پێست	طبيب الجلد	Dermatologist
زانستی نەخۆشی پێست، دەردە پیستزانی	علم الامراض الجلدية	Dermatology
پێست ڕزین	انحلال الجلد	Dermatolysis
هەوکردنی پێست و گۆشت، هەوکردنی پێست و ماسوولکە	التهاب الجلد و العضل	Dermatomyositis
پێست ڕەقبوون، پیستەڕەقێ	تصلب الجلد	Dermatosclerosis
دەردە پێست	الجلاء	Dermatosis
پێست پووکانەوە	ضمور الجلد	Dermatrophy
پێستی	جلدي، أدمي	Dermic
پێست	أدمة	Dermis

Dermitis	التهاب الجلد	هەوکردنی پێست
Dermoid	جلدي	پێستی، وەکو پێست
Dermostenosis	انكماش الجلد	پێست کرژبوون
Descending	نازل	سەرەوخوار، بەرەوخوار.
Desensitization	ازالة التحسمس	هەست نەهێشتن
Desensitize	يزيل التحسمس	هەست ناهێلّی
Desiccation	تجفيف	وشککردنەوە
Desmalgia	ألم الرباط	ژانی بەستەر
Desmitis	التهاب الرباط	بەستەرە هەوکردن
Desmosis	مرض الرباط	دەردە بەستەر
Desmotomy	شق الرباط	بەستەر هەڵدڕین
Desquamation	توسف	پووکە فڕێدان
Destructive	مخّرب	وێرانکەر
Detachment	انفصال	لێک جیابوونەوە
D. of Retina	انفصال الشبكية	جیابوونەوەی تۆڕە (لە چاودا)
Detergent	منظف	پاک کەرەوە، خاوێنکەرەوە
Deterioration	تردي	داتەپین (نەخۆشییەک بەرەو خراپتر بڕوا)
Detoxication	ازالة السمية	ژەهراوی نەهێشتن
Devastation	اتلاف وعائي	لابردنی بۆریی خوێن
Devascularization	ازالة التوعية	لابردنی خوێن، خوێن بڕین لە ئەندامێک
Developement	تطور	گەورەبوون، نەشونوما
Deviation	انحراف	لادان
Devisceration	ازالة الاحشاء	هەناو دەرهێنان
Devitalization	ازالة الحيوية	چالاکی نەهێشتن
Devorative	البلع دون المضغ	قوتدان بێ جوین
Deworming	ازالة الديدان	کرم نەهێشتن، کرم فڕێدان
Dexter	يمين	ڕاست، کەوتنە لای ڕاست
Dextrad	ألى اليمين	بەرەو ڕاست، بەرەو لای ڕاست
Dextral	يمين	ڕاست (پێچەوانەی چەپ)

Dextrality	يميني	ڕاستە (پێچەوانەی چەپلەر)
Dextrocardia	قلب يميني	دڵی لای ڕاست، ڕاستەدڵێ
Dextrorotation	استدارة إلي اليمين	بەلای ڕاستدا وەرچەرخان
Dextrosinistral	من اليمين ألي اليسار	لە ڕاستەوە بۆ چەپ
Dextrotorsion	التواء يميني	نوشتانەوە بەرەو ڕاست
Dextroversion	انقلاب يميني	هەڵگەڕانەوە بەرەو ڕاست
Diabetes	كثرة التبول	زۆر میزکردن، میزێن
Diabetes Mellitus	السكري	نەخۆشی شەکری
Diabetic	سكري – مصاب بالسكري	شەکری – نەخۆشیی شەکری
Diabeto Phobia	رهاب السكر	ترسە شەکری، لە نەخۆشی شەکری ترسان
Diabetotherapy	علاج السكري	چارەکردنی شەکری
Diagnosis	تشخيص	ناسینەوە – دیاری کردن
Diameter	قطر	تیرە
Diaphoresis	تعرق	ئارەقەکردنەوە
Diaphragm	الحجاب الحاجز	ناوپەنچک، تەڕاف
Diaphragmalgia	ألم حجابي	ناوپەنچک ئێشە
Diaphragmatic	حجابي	ناوپەنچکی
Diaphragmatic Hernia	فتق حجابي	ناوپەنچک دەبەبوون، قۆڕیی ناوپەنچک
Diaphragmatic Paralysis	شلل حجابي	شەپلەی ناوپەنچک
Diaphragmatic Spasm	شنج حجابي	کرژیی ناوپەنچک
Diaphragmatitis	التهاب الحجابي	هەوکردنی ناوپەنچک
Diaphragmatocele	كيس حجابي	تووڕەکەی ناوپەنچک
Diaphysis	عمد العظم	لاسکی ئێسک (بەتایبەتی ئێسکە درێژەکان)
Diarrhoae	اسهال	زکچوون، بەلەفیرە، شولان، زگەشۆڕێ
Diarthrosis	مجافي المفصل	جومگەیەک بەهەموولایەکدا بسووڕێتەوە
Diastole	انبساط	خاوبوونەوە (ماسوولکەی دڵ)
Diastolic	أنبساطي	خاوی، خاوبوونەوەیی

Diathermy	انفاذ الحرارة	گەرمکردن و تەواوکردنی گەرمی
Diathesis	أهبة	ئامادە
Dicelous	ذو فتحتين، ذو تجويفين	دوو کونی، دوو خانەیی
Dicephalus	ذو رأسين	دوو سەرە
Dicliditis	التهاب الصمام	هەوکردنی دەمەوانە (زمانە) (دەرچەی دڵ)
Dicliditomy	شق الصمام	زمانە هەڵدڕین
Dicoria	قزحة مزدوجة	جووتە بیبیلە
Dicrotism	ترادف النبض	جووتە پرتە
Didactylism	ذو اصبعين	جووت پەنجە (تەنیا دوو پەنجە لە دەستیدا یا لە پێییەکدا)
Didelaphic	ذو رحمين	جووت منداڵدان، جووتە پزدان
Didymalgia	ألم الخصية	هێلکەی گون ئێشە
Didymitis	التهاب الخصية	هەوکردنی هێلکەی گون
Didymus	خصية	هێلکەی گون
Diet	قوت، حمية	خواردەمەنی، پارێز
Dietary	حُميي، قوتي	پارێز
Dietation	أقواتي	پسپۆڕی خواردەمەنی
Difference	فرق	جیا، جیاوازی
Differential	فارق	جیاواز
Differentiation	تفريق	جیاکردنەوە، لێککردنەوە
Diffuse	منتشر	پەرت، بڵاو
Diffusion	أنتشار	بڵاوبوونەوە، پەرتبوونەوە
Digastric	ذو بطنين	جووت زگە، دوو زگ
Digestant	هاضم	هەرسکەرە، هەزمکەر
Digestion	هضم	هەرس
Digestive System	جهاز الهضم	کۆئەندامی هەرس
Digit = Digitus	أصبع	پەنجە، قامک، ئەنگوست
Digital	أصبعي	پەنجەیی، قامکی
Digitaloid	أصبعي	پەنجەیی، وەکو پەنجە

Diglossia	أنشطار اللسان	جووت زمانه – زمانی دوو فلیچقانه
Dignathus	ذو فكين	جووته کاکیله، جووت چەناگە
Dilatation	توسع، توسيع	فراوان، فراوانی کردن
Dilator	موسع	فراوانکەرە
Diluent	مخفف	ڕوونکەرە
Dilusion	تخفيف	ڕوونکردنەوە
Dimerous	ذات قسمين	دوو پارچە، دوو کوت
Dimetria	ذو رحمين	دوو منداڵدان
Diminution	تضاؤل	کەمبوونەوە، بچووکبوونەوە
Dimple	رصعة	چاڵ
Diphonia	ذو لحنين	دوو دەنگە، دوو ئاوازە
Diphtheria	خناق	وەناق، خروزەک
Diphtheriaphor	حامل جراثيم الخناق	هەڵگری میکرۆبی وەناق
Diphtheroid	شبيه الخناق	وەکو وەناق، لە وەناق بچێت
Diplococcus	مكورات مزدوجة	جووتە خڕۆکە(جۆرە میکرۆبێکە دوان دوان پێکەوە دەبن).
Diplopia	اردواج الرؤية	جووت بینی (یەک بەدوو دەبینێت)
Diprosopus	ذو وجهين	جووتبینی، دووڕوو
Dipsomania	هوس الشراب	شەیدای خواردنەوە شێتی مەی(شێتی خواردنەوە)
Direct	مباشر	یەکسەر
Discharge	طرح	بەتاڵکردنەوە، خاڵیکردنەوە، ئازادکردن، بەڕەڵاکردن
Discission	قطع	بڕین، کوتکردن، قرتاندن
Discus = Disc	قرص	پەپکە، خەپلە
Disease	مرض	نەخۆشی، دەرد، ناساقی
Disengagement	تحرير	خزان، ترازان
Disharmoneous	غير متناسق	ناڕێک، لەیەک نەچوون
Disinfection	تطهير	خاوێنکردن، پاککردن


Dislocation	خلع	لە جێچوون، ترازان
Dismemberment	بتر	بڕینەوە، قرتان (بەتایبەتی بەشێک لە چوارپەل)
Disorder	اضطراب	پەشێوان، نابەجێ
Disorientation	تيهان	سەرلێ تێکچوون، وێڵ بوون
Disoriented	تائه	وێڵ
Displacement	انزباح، تزحرح	لەجێچوون، لابردن لەجێی خۆ لابردن
Disposition	أهبة	ئامادەیی
Disruption of Wound	أنفتاح الجرح	بڕین کولانەوە، دەمی برین کردنەوە
Dissection	تشريح، تسليخ	توێکاری، پارە پارەکردن
Dissimination	أنتشار	بڵاوبوونەوە، پەرشبوون
Dissociation	افتراق	جیابوونەوە
Dissolve	ذو بان	توانەوە، تواندنەوە
Distal	قاص	دوور
Distance	مسافة	ماوە
Distention	تمدد	کشان، گەورەبوون
Distillation	تقطير	دڵۆپان، دڵۆپاندن
Distorsion	التواء	بادانی، وەرگەڕان
Distribution	توزيع	دابەشکردن
Diuresis	ابالة	میز زۆرکردن، فرە میزێ
Diuretic	مُبيل	میز زۆرکەرە، میز پێکەرە
Diuria	بوال النهار	میزە چورکێی ڕۆژ
Diurnal	نهاري	بەڕۆژ، بەڕۆژی
Divarication	افتراق	جیابوونەوە
Divergence	تباعد	لێک دوورکەوتنەوە، جیابوونەوە
Division	انقسام، تقسيم	بەشکردن
Dizziness	دوام	گێژی، سەرەخولێ
Dodecadactylon	الأثني عشرى	ڕێخۆڵەی دوانزە گرێ
Dolichocephaly	طول الرأس	سەر درێژی

Dolor	ألم	ئێش، ئازار
Dominance	غلبة – سيادة	زاڵبوون
Dominated	غالب، سائد	زاڵ
Donation	أعطاء	بەخشین
Donor	معطي	بەخشەر
Blood Donar	معطي الدم	خوێن بەخش
Dormant	هاجع	نوستور، خامۆش
Dorsal	ظهري	پشتی، پشتەوە
Dorsalgia	ألم الظهر	پشت ئیشە
Dorsalis	ظهري، خلفي	پشتی، لە پێشەوە
Dorsiflexion	التبسط	بۆ پێشەوە چەمینەوە
Dorsimesal	منتصف الظهر	لە ناوەڕاستی پشتدا
Dorsispinal	ظهري شوكي	پشتە درِکنی
Dorso (Prefix)	ظهري (سابقة)	پشتی (پێشگر)
Dorso Anterior	ظهري أمامي	پشتی پێشەوەیی
Dorsocephalad	متجه ألى القحف	ڕووەو پشتی سەر
Dorsodynia	ألم الظهر	پشت ئێشە
Dorsolateral	ظهري جانبي	پشتی تەنیشتی
Dorsolumber	ظهري قطني	پشتی کەمەرەیی
Dorsonuchal	ظهري رقبي	پشتی ملی
Dorso - Occipital	ظهري قحفي	پشتی پشتەسەری
Dorsoventral	ظهري بطني	پشتی زگی
Dorsum	ظهر	پشت
Dose	جرعة	قوم، خۆراک
Dot	نقطة – بقعة	خاڵ، پەڵە
Douche	وابل، نطل	لێزمە، ڕەهێڵە
Draft = Draught	جرعة، شربة	قوم
Dragee	حبة – ملبسة	دەنک ، دانە
Drain	يصرف، مصرف	ڕۆکە، ئاوەڕۆکە
Drainage	تصريف	ئاوەڕۆکە
Drastic	حاسم	توند، بەتین (دەرمانێکی ڕەوانی بەتین)

Dream	حلم	خەون، خەو بینین
Dresser	مضمد	برین پێچ
Dressing	تضميد، ضماد	پێچانەوە، تیمارکردن
Dribbing	قطر	دڵۆپەکردن
Drill	مثقب	کونکەرە
Drip	قطر	دڵۆپە
Drop	قطرة	دڵۆپ، تنۆکە
Dropsy	أستسقاء	ئاوبەند، ئاو بەنگ
Drowsiness	تعاس	خەواڵو
Drug	عقار	دەرمان
Druggist	عطار	دەرمانساز، دەرمان فرۆش
Drum	طبل	تەپڵ، پەردە (وەکو پەردەی گوێ)
Dualism	ثنائية	دوانەیی، جووتەیی
Duct = Ductus	قناة – مسيل	لوولە، بۆڕی، جۆگە، نۆکەند
Ductless Gland	غدة صماء	لووە کوێرە
Dull	أصم	کەڕ، کپ
Duodenal	عفجي	دوانزە گرێیی
D. Ulcer	قرحة العفج	کوانی دوانزەگرێ
Duodenectomy	قطع العفجي	دوانزەگرێ بڕین
Duodenitis	التهاب العفج	هەوکردنی دوانزەگرێ
Duodenostomy	فغر العفجي	دوانزە گرێ هەڵدڕین
Duodenum	العفج – الاثنى عشرى	ڕیخۆڵەی دوانزەگرێ
Dura	الجافية	توند – سفت
Dural	جافي	توندی، سفتی
Dura Mater	الأم الجافية	تونددا، سفتەدا (دا = دایک)
Dust	غبار	تۆز
Dwarf	قزم	کورتەبنە، گرگنە
Dwarfism	القزامة	کورتەبنەیی، گرگنەیی
Dye	صباغ	ڕەنگ، بۆیە
Dynamic	دينمي	هێز، تین، دینامێک

Dys (Prefix)	عسر، سوء (سابقة)	خراپ، نائاسا، ئازار (پێشگر)
Dysarthria	لكنة	زمان گیران
Dysbasia	عسر الخطو	بەزەحمەت ڕۆیشتن گران ڕێیان، گرفت
Dyschasia	عسر التغوط	زگچوونی بە ئێش
Dysenteriform	زحاري	وەکو زەحیری
Dysentry	زحار	زەحیری
Abaebic. D	زحار أميبي	زەحیری ئەمیبایی
Bacillary. D	زحار عصوي	زەحیری باسیلی (چیلکەیی)
Epidemic. D	زحار وبائي	زەحیری درمی (درم =وباء)
Malicnant. D	زحار خبيث	زەحیرییە پیسە، پیسە زەحیری
Dysequilibrium	خلل التوازن	لەنگەرگرتنی ناڕێک، لەنگەرنەگرتن، ناهاوسەنگبوون
Dysfunction	خلل وظيفي	خراپ کارکردن، کار باش نەکا
Dysgenesis	خلل التكوّن	خراپ دروستبوون
Dysgraphia	خلل الكتابة	ناڕێک نووسین
Dyshydrosis	خلل التعرق	ئارەقکردنی ناڕێک
Dyskenesia	خلل الحركة	بزوتنەوەی ناڕێک
Dyslaxia	خلل القراءة	ناڕێک خوێندنەوە
Dysmenorrhea	خلل الطمث	ناڕێکی بێ نوێژی (ئازاری سەری مانگ لە ئافرەتدا)
Dyspepsia	عسر الهضم	گەدە تێکچوون، هەرس نەکردن
Dysphagia	عسر البلغ	قوتدانی بەئازار
Dysphasia	عسر الكلام	بەزەحمەت قسەکردن
Dysplasia	حثل	گەورەبوونی نائاسایی
Dyspnea	البهر	هەناسە تەنگی، تەنگە نەفەس
Dyspneic	مبهور	هەنسە تەنگ، تەنگە نەفەس
Dysrrhythmia	خلل النظم	ڕێک تێکچوون – تێکچوونی ڕێکی

نارِێک وەستان، بەزەحمەت وەستان	خلل الوقوف	Dystasia
لەیەک نەچوون، ناچونیەکی	خلل التناظر	Dissymetry
زاینی بەئازار، گرانزاین	عسر الولادة	Dystocia
کەمی خواردەمەنی	سفل	Dystrophia
میزکردنی بە ئازار، گران میزکردن	عسر البول	Dysuria
نەخۆش کەم ڤیتامینی	خلل الفيتامين	Dysvitaminosis



Ear	أذن	گوێ – گوێچکه
Acute. E	التهاب الأذن الوسطي الحاد	تیژه هەوکردنی گوێی ناوەڕاست
Aztecs. E	الأذن النازلة	گوێی ڕەپ، گوێی شۆڕ
Beach. E	التهاب الأذن الخارجية	هەوکردنی گوێی دەرەوە (کونی گوێ)
Cagot’s. E	أذن بلافص	گوێی بێ نەرمە، گوێی بێ پەڕە
Cat’s. E	أذن قطي	پشیلە گوێ، گوێی لوول خواردوو. گوێی پشیلەیی
External. E	الأذن الخارجية	گوێی دەرەکی
Inner. E	الأذن الداخلية	گوێی ناوەکی
Middle. E	الأذن الوسطي	گوێی ناوەند – ناوەڕاست
Earache	ألم الأذن	گوێ ئێشە، ژانەگوێ
Ear Bone	عظام الأذن	ئێسکی گوێ
Ear Drops	قطرة الأذن	دڵۆپی گوێی، تنۆکی گوێ
Ear Drum	طبلة الأذن	پەردەی گوێ
Earth	الأرض	زەمین، زەوی، ئەرز
Ear Wax	الصملاخ	مێوی گوێ، چڵکی گوێ
Ecaudate	بلا ذيل	بێ کلک
Ecchymosis	كدمة	خوێن تێزان

E.C.G=Electrocardiograph	مخطط القلب الكهربائي	نەخشەی کارەبایی دڵ
Echinococcus	داء المشوكات	تیرەیەکی کرمە پانکەیە
Echinophthalmia	التهاب الجفن	هەوکردنی پێڵو (چاو)
Echo	صدى	دەنگدانەوە، زایەڵە
Echogram	مخطط الصدى	نەخشەی دەنگدانەوە
Echography	مخطاط الصدى	دەنگدانەوە پێو، زایەڵەپێو
Eclabium	أنقلاب الشفة	هەڵگەڕانەوەی لێو، لێو هەڵگەڕانەوە
Eclampsia	شنج	کرژی بەگیروەستان
Infantile. E	شنج طفولي	کرژی منداڵی
Pregnancy. E	شنج حملي	ئاوسە گرژی (زگپڕی)
Puerperal. E	شنج نفاس	کرژیی زەیستان
Ecostate	بلا ضلع	بێ پەراسوو
Ecstrophy	أنقلاب – قلب	هەڵگێڕانەوە (لە ناوەوە بۆ دەرەوە وەکو هەڵگێڕانەوە میزڵدان)
Ectad	خارج	دەرەوە، بەرەو دەرەوە
Ectasia = Ectasis	توسع	فراوانکردن، کشان
Ecto (Prefix)	ظاهر، خارجي (سابقة)	دیار لەسەر، دەرەکی (پێشگر)
Ectoblast	حاجز خارجي	پەردەی دەرەوە، پەردەی دەرەوەی خانە
Ectocardia	قلب هاجر	دڵ خزاو، دڵی خزیو
Ecto Colon	توسع القولون	کۆڵۆن گەورەبوون، کۆڵۆن کشان
Ectocyst	ظاهر الكيس	دەرەوەی تووڕەکە
Ectocystic	ظاهر الخلية	دەرەوەی خانە
Ectodactylism	بلا أصبع أو أصابع	بێ پەنجە(یەک پەنجە یا پەنجەکان)
Ectoderm	الاديم الظاهر	دەرەوەی پێست
Ecto - Entad	من الخارج ألى الداخل	لە دەرەوە بۆ ناوەوە
Ectomy (Suffix)	قطع (لاحقة)	بڕین (پێشگر)

Ectoparasite	طفيلي خارجي	مێملەی دەرەکی (مشەخۆر)
Ectopia = Ectopy	هجر	ترازان، خزان
E. Cardis	هجر القلب	دڵ خزان، دڵە خزێ
E. Kidney	كلية هاجرة	گورچیلەی خزاو
E. Lentis	عدسة هاجرة	هاوێنەی خزیو (نیسکەی چاو)
E. Pupilae Congenita	بؤبؤة هاجرة ولادية	بیبیلەی ترازاوی زگماک
E. Spleen	طحال هاجر	سپڵی خزیو
Ectopion	شتر خارجي	هەڵگێڕانەوە (وەکو هەڵگێڕانەوەی لێو یا پێڵوی چاو)
Ectrosis	أجهاض	لەباربردن
Ectylotic	قطع المسمار	مێخەکە بڕین
Eczema	نملة	بیرۆ
Allergic. E	تملة ارجية	بیرۆی ئەلەرجی (هەستیاری)
E. Ani	نملة شرجية	بیرۆی قنگ
Baker’s. E	نملة الخباز	بیرۆی نانەوا
E. Barbae	نملة اللحية	بیرۆی ڕیش، بیرۆی ڕدێن
E. Capitalis	نملة الرأس	بیرۆی سەر
E. Crustosum	نملة مقشرة	بیرۆی کرێشاوی، بیرۆی قەتماغەدار
Dry. E	نملة جافة	بیرۆی وشک، وشکەبیرۆ
E. Fissum	نملة فطرة	بیرۆی قڵیشاو
E. Humidum	نملة رطبة	بیرۆی تەڕ، تەڕەبیرۆ
E. Infantile	نملة الطفولة	بیرۆی منداڵ
E. Linear	نملة مخططة	بیرۆی ڕێ ڕێ
Moist. E	نملة رطبة	بیرۆی تەڕ، تەڕەبیرۆ
E. Vesiculosum	نملة نفطة	بیرۆی بڵۆقدار
Eczematous	نملّي	بیرۆیی
Edea = Aedoea	الاعضاء التناسلية	ئەندامی زاووزێ
Edeitis	التهاب الاعضاء التناسلية	هەوکردنی ئەندامی زاووزێ
Edema	خزب	ئاوبەند

Edematous	خزب، خزبي	ئاوبەندی
Edentulous	ادرد، درداء	بێ ددان
Edge	صافة	قەراغ، لێوار، کەنار
E.E. G = Electro-encephalogram	مخطاط الدماغ الكهربائي	نەخشەسازی کارەبایی مێشک نەخشەی کارەبایی مێشک
Effect	تأثير	کارتێکردن، کارەکردنەسەر
Effemination	تأنث، تأنيث	ژنانە، ژنانی
Efferent	صادر	ناردن، ڕەوانە کردن
Effervescence	فوران	هەڵچوون
Effusion	انصباب	ڕژاندن، تێ ڕژاندن
Egg	بيضة	هێلکە
Eglandulous	بلا غدة	بێ لوو، بێ گرێ
Ego	الأنا	من، خۆم
Egoism	الانانية	خۆپەرستی، خۆپەسندی
Eighth Nerve	العصب الثامن	دەماری، ڕەگی هەشتەم، ڕەگی بیستن
Ejaculation	دفق	فڕێدان، ڕژاندن (وەکو تۆماو)
Elastic	مطاط	لاستیک
Elasticity	مطاطية	کێش
Elbow	مرفق	ئانیشک
Elective	أختيار	هەڵبژاردن
Electric	كهربائي	کارەبایی
Electrocardiograph	مخطط القلب الكهربائي	نەخشەی کارەباییی دڵ
Electrocautery	كي كهربائي	داخی کارەبایی، بەکارەبا داخکردن
Electrochemistry	الكيمياء الكهربائية	کیمیای کارەبایی
Electrocoagulation	تخثير كهربائي	مەیینی کارەبایی، بەکارەبا مەیین
Electrodiagnosis	تشخيص كهربائي	ناسینەوەی نەخۆش بەکارەبا
Electroencephalogram	مخطط الدماغ الكهربائي	نەخشەی کارەباییی مێشک
Electromyogram	مخطط العضلة الكهربائي	نەخشەی کارەباییی ماسوولکە

Electronarcosis	التنويم الكهربائي	بەکارەبا خەواندن، نوستنی (خەوتنی)
Element	عنصر	توخم
Elementery	ابتدائي	سەرەتایی
Elephantiasis	داء الفيل	دەردە فیل
Elevation	ارتفاع	هەڵبڕین، بەرزکردنەوە
Eliminaion	إطراح	فڕێدان
Elinguation	قطع اللسان	زمان بڕین
Elixir	أكسير	ئەکسیر، دۆشاو
Emaciation	هزال	لاوازی، زەبوونی
Embarras Gastrique	عسر هضم حاد	ژانی تیژی گەدە
Embedding	أسجاء	چەسپکردن- تێ ئاخنین
Embolectomy	نزع الصمة	پرگە لادان، پرگە لابردن
Embolimia	صمة الدم	خوێن پرگاوی-پرگ لە خوێندا
Embolism	أنصمام	بەرگیران (بەرگیرانی دەماریک بە پرگە)
Embolus	صمّة	بەرگر، پشک، پرگە (نەختێ خوێن دەمەیێت و لە دەماریکی باریکدا دەگیرسێتەوە)
Embryo	جنين	ئاوڵەمە، کۆرپە
Embryogenesis	تكوّن الجنين	ئاوڵەمە دروستبوون
Embryology	علم الأجنة	زانستی ئاوڵەمە. ئاوڵەمەزانی
Embryonal	جنيني	ئاوڵەمەیی، کۆرپەلەیی
Embryopathy	اعتلال جنيني	نەخۆشی ئاوڵەمە
Emergency	عاجلة، طارئة	خێرا، پەلە، بەپەلە
Emesis = Emesia	قئ	ڕشانەوە
Emesis Gravidarum	قئ الحمل	ڕشانەوەی زگپڕ (ئاوس)
Emetic	مقئ	ڕشێنەرەوە، ڕشێنەوە
Emigration	هجرة	کۆچ، ڕەوکردن
Eminence	بروز	بەرزایی، نووک، دەرپەڕیوی
Emission	قذف	فڕێدان، ئاو هاتنەوە

Emmenia	الحيض	بێ نوێژی، عوزر، مەهک
Emollient	ملطف	نەرمکەرەوە
Emotion	انفعال	تووڕەبوون، هەڵچوون
Emotional	انفعالي	تووڕەیی
Emphysema	أنتفاخ	بارکردن، با تێچوون
Pulmonary. E	ءنتفاخ الرئة	سییە ئاوسێ
Empyema.	الديلة	دوومەڵ (بەتایبەتی لە سنگدا)
Enamel	المينا ء	مینا
Encapsulation	تمحفظ	خستنە بە تووڕەکەوە، چوونە بەرگەوە
Encephalitis	التهاب الدما غ	هەوکردنی مێشک
Encephalocele	قيلة دماغية	دەبەبوونی – قۆڕیی مێشک (مێشک لە ئێسکێکی شکاوی کەللەوە دەر دەپۆقێت)
Encephalography	رسم الدما غ	وێنەی مێشک
Encephalomalacia	تلين الدما غ	مێشک نەرمبوون
Encephalomaningitis	التهاب الدما غ والسحايا	هەوکردنی مێشک و پەردەکانی
Encephalon	الدما غ	مێشک
Encephalopathy	اعتلال الدما غ	نەخۆشی مێشک
Encephalopyosis	تقيح الدما غ	دوومەڵی مێشک، کێمکردنی مێشک
Encephalorrhagia	نزف الدما غ	خوێنی مێشک بەربوون
Encephalosclerosis	تصلب الدما غ	مێشک ڕەقبوون
Encysted	متكيس	چوونە تووڕەکەوە، چوونە کیسەوە، کیسکردوو
Endemic	متوطن	نیشتەجێ
Endo Abdominal	داخل البطن	ناوزگ، هەناو
Endocarditis	التهاب الشغاف	هەوکردنی پەردەی ناوەوەی دڵ
Bacterial. E	التهاب الشغاف الجرثومي	هەوکردنی پەردەی ناوەوەی دڵی میکرۆبی
Mural. E	التهاب الشغاف الجداري	هەوکردنی پەردەی دیواری دڵ

هەوکردنی پەردەیی دڵی ڕۆماتیزمی	التهاب الشفاف الرثوي	Rheumatie. E
هەوکردنی پەردەی زمانەی دڵ	التهاب الشفاف الصمامي	Vulvular. E
هەوکردنی پەردەی ناوەوەی دڵ	الشفاف	Endocardium
هەوکردنی ناوەوەی ملی (ملی (منداڵدان)	التهاب باطن العنق	Endocervicitis
هەوکردنی ناوەوەی کۆڵۆن	التهاب باطن القولون	Endocolitis
ناوەوەی کەلله، ناوکەلله	باطن القحف	Endocranial
لووه کوێره	صّماوي	Endocrine
زانستی لووه کوێره لووەکوێرەزانی	علم الغدد الصماء	Endocrinology
پێستی ژێرەوه	الاديم الباطن	Endoderm
ناو قورگ	باطن الحنجرة	Endolarynx
هەوکردنی ناپۆشی منداڵدان	التهاب بطانة الرحم	Endometritis
پەردەی ناوەوەی منداڵدان بەری منداڵدان ، ناوپۆشی منداڵدان	بطانة الرحم	Endometrium
نەخۆشی پەردەی ناوەوەی ماسوولکه دڵ	اعتلال شفاف و عضلة القلب	Endomyocardiopathy
هەوکردنی پەردەی ناوەوەو ماسوولکەی دڵ	التهاب شفاف و عضلة القلب	Endomyocarditis
ناو لووت، ناوەوەی لووت لەناو ناوکدا، ناوی ناوک	باطن الانف	Endonasal
مێملّەی ناوەوه – مشەخۆری ناوەوه	في باطن النواة	Endonuclear
(مۆژ) ناو لەگەنه، ناو	طفيلي داخلي	Endoparasite
کوجیلەی سمت	في داخل الحوض	Endopelvic
ئەندامی کۆتایی	عضو انتهائي	Endorgan
دووربینی ناوەوه، ناوبین، هەناوبین	منظار داخلي	Endoscope
ناوەوه بینین، ناوبینی	تنظير داخلي	Endoscopy

Endoskeleton	هيكل داخلي	ئێسک بەندی ناوەوە
Endouterine	في باطن الرحم	لە ناو منداڵداندا
Enema	رحضة	دەستوور
Energy	طاقة	وزە، توانست
Engorged	محتقن	خوێن تێزاو
Engorgement	أحتقان	خوێن تێزان
Enophthalmus	الخوص	چاو بەقوولاچوون
Entemology	علم الحشرات	زانستی مەگەز، مێروووزانی
Enterectomy	قطع الامعاء	ڕیخۆڵە بڕین
Enteric	معوي	ڕیخۆڵەیی
Enteritis	التهاب الامعاء	هەوکردنی ڕیخۆڵە
Entero - (Prefix)	معوي (سابقة)	ڕیخۆڵەیی (پێشگر)
Enterobrosia	ثقب الامعاء	کونکردنی ڕیخۆڵە، سمینی ڕیخۆڵە
Enterocele	فتق معوي	قۆڕیی ڕیخۆڵە. دەبەبوونی ڕیخۆڵە
Enterococcus	مكورات معوية	خڕۆکەی ڕیخۆڵە (میکرۆب)
Enterocolitis	التهاب معوي كولوني	هەوکردنی ڕیخۆڵە و کۆڵۆن
Enterology	علم الامعاء	زانستی ڕیخۆڵە، ڕیخۆڵەزانی
Enteropathy	اعتلال الامعاء	نەخۆشی ڕیخۆڵە
Enteroptosis	تدلي الامعاء	ڕیخۆڵە خزێ، ڕیخۆڵە شۆربوونەوە
Enterorrhagia	نزف الامعاء	خوێنبەربوونی ڕیخۆڵە
Enterorrhaphy	رفو الامعاء	ڕیخۆڵە دروونەوە
Enterorrhea	اسهال	زگچوون، پەلەفڕە، ڕەوانی
Enterostenosis	تضييق الامعاء	ڕیخۆڵە تەسک بوون
Enterotomy	شق الامعاء	ڕیخۆڵە هەڵدڕین
Ento (prefix)	داخل (سابقة)	ناوەوە (پێشگر)
Entocele	فتق داخلي	قۆڕیی ناوەکی
Entocyte	داخل الحجيرة	ناو خانە
Ento - Ectad	من الداخل إلى الخارج	لە ناوەوە بۆ دەرەوە

Entomology	علم الحشرات	زانستی مێروو، مێروووزانی
Entophthalmia	التهاب باطن العين	هەوکردنی ناوەوەی چاو
Entropion	شتر داخلي	پێڵۆ بۆ ناوەوە هەڵگەڕانەوە
Enucleated	مفصوع	ناوەڕۆک دەرهاتوو
Enucleation	فصع	ناوەڕۆک دەرهێنان
Enuresis	سلس البول	میزڕانەگرتن، کەمەرشلی
Envelope	غلاف	بەرگ
Environment	بيئة	ژینگە (جێی ژیان)
Environmental Diseasse	امراض البيئة	نەخۆشی ژینگە
Enzyme	خميرة	هەوێن
Ephelis	نمشي	منجڵی، شڵی
Epidemic	وبائي	درم، درمی
Epidermis	بشرة	چینی دەرەوەی پێست
Epididymectomy	قطع البربخ	گونە وێڵە بڕین
Epididymis	بربخ	گونە وێڵە
Epididymitis	التهاب البربخ	هەوکردنی گونە وێڵە
Epigastrium	شرسوف	سەردڵ (بەشی سەرووی زگ)
Epiglottis	لسان المزمار، الفلكة	بنکی زمان
Epilation	تنسيل الشعر	ڕووتانەوە، موو هەڵکێشان
Epilepsy	صرع	فێ، پەرکەم
Epileptic	صرعي	فێیی، پەرکەمی، فێدار
Epimandibular	قوق الدقن	سەرو، کاکیلە، سەر و چەناگە
Epiphora	انهمار الدمع	فرمێسک ڕژان
Epistaxis	رعاف	لووت پژان
Episternal	فوق القص	سەرو کۆڵەی سنگ
Equation	تعادل – معادلة	هاوکێشە، بەقەد یەک لێکردن
Equator	خط الاستواء	هێڵی کەمەرەیی
Equilibrium	توازن	هاوسەنگی، پارسەنگ
Equivalence	تكافؤ	هاولف، هاوهێزی
Erection	نعوظ	ڕەپکردن، قیتکردن
Eremophobia	رهاب الوحدة	ترسە تەنیایی، تەنیاییترسێ


ترسەکارکردن، ترسە ئێشکردن، کارەترسێ	رهاب العمل	Ergasiophobia
داخوران، کلۆربوون	تأكل	Erosion
قڕقێنە	تجشؤ	Eructation
پەڵە لەپێست دەردان (وەکو دەڵێن سوریژەی دەرداوە)	طفح	Eruption
ماشەرە، بای ماشەرە.	الحمرة	Erysipelas
ماشەرەیی، وەکو ماشەرە	حمراني	Erysipeloid
پێست سووربوونەوە	الحمامي	Erythema
زۆریی سووری خڕۆکە (لەخوێندا)	فرط الكريات الحمراء	Erythremia
سوور (پێشگر)	حمراء (سابقة)	Erythro (Prefix)
سووری خڕۆکە، خڕۆکەی سوور	كرية حمراء	Erythrocyte
زۆری سووری خڕۆکەی خوێن	فرط الكريات الحمراء	Erythrocythemia
توانەوەی سووری خڕۆکە	انحلال الكريات الحمراء	Erythrocytolysis
سووری خڕۆکە ڕزین		
زۆریی سووری خڕۆکە	زيادة الحمر	Erythrocytosis
پێست سووربوونەوە	احمرار الجلد	Erythrodermia
ددان سووربوونەوە	إحمرار الأسنان	Erythrodontia
ڕاکردن، خۆ ڕزگارکردن	هروب، تحرر	Escape
سووریێنچکی، سووریێنەیی	مريئي	Esophageal
سووتانەوەی سووڕێنچک	التهاب المريء	Esophagitis
دووربینی سووریێنە، سووریێنچکبین	منظار المريء	Esophagoscope
کرژبوونی سووریێنچک	شنج المريء	Esophagospasm
سووریێنچک – سووریێنە	المريء	Esophagus
خێرایی خوێن نیشتن	سرعة تثقل الدم	E. S. R - Erythrocyte-Sedemention Rate
بۆن	ريحة	Essence
هەست	حس	Esthesia
هاوینەیی	صيفي	Estival = Aestival

Estrus = Aestrus	طمث	تەگە، فالّ، دەڵەبەبا
Ether	أثير	ئیثەر، ئیسەر
Ethics	اخلاق، اداب	ڕەوشت، خوو
Medical. E	السلوك الطبي	ڕەوشتی پزیشکایەتی
Ethmoidal	غربالي	بێژنگی
Ethmoidbone	العظم الغربالي	بێژنگە ئیسکە، ئێسکی بێژنگی (ئێسکێکە لە ژێر کەللەی سەردا).
Ethmolacrimal	غربالي دمعي	بێژنگی فرمێسکی
Ethmonasal	غربالي اتفي	بێژنگی لووتی
Ethmopalatal	غربالي حنكي	بێژنگی مەڵاشوویی
Ethnology	علم الاجناس	زانستی ڕەگەز، ڕەگەززانی
Etiology	الأسباب	هۆ، هۆی نەخۆشی
Eugenics	علم تحسين النسل	زانستی نەوە، (وەچە) نەوەچاککردنزانی
Eunuch	خصّ	خەساو
Euphoria	جذل	باشی، ساغی، بێ ئێش و بێ نەخۆشی
Euthanasia	تيسير الموت	سووکە مردن، سووکە مەرگ
Evacuation	إفراغ	بەتاڵکردن، پووچکردن
Evagination	اقلاب	دەرپەڕۆقین، دەرپەڕین
Evaporation	تبخر	کردنە هەڵم، بوونە هەڵم، هەڵمین
Eventration	تقبب	هەناو دەرپۆقین، هەناو دەرهێنان
Eversion	شتر خارجي	هەڵگەڕانەوە بۆ دەرەوە
Evisceration	أخراج الأحشاء	هەناو دەرهێنان
Evolution	تطور	گۆڕین، گەشەکردن
Evulsion	قلع	هەڵکێشان، دەرکێشان
Exacerbation	أشتداد	قورسبوون، توندبوون (وەکو چۆن نەخۆشی لێی قورس دەکا)

Examination	فحص	پشکنین، نۆڕین، سەیرکردن تاقیکردنەوە
Exania	تدلي المستقيم	کۆم هاتنە دەرێ، کۆم شۆڕبوونەوە، کۆمە شۆڕێ
Exanimation	سبات	بێ هۆش، بێ خودی، سڕبوون
Exarticulation	بتر المفصل	جومگە بڕین
Excavation	تكهف صفر	هەڵکۆڵین، کردنە بۆشایی، کردنە ئەشکەوت.
Excerebration	قطع الدماغ	مێشک بڕین
Excision	استئصال	بڕین، قرتاندن، دەرهێنان
Excitation	استفزاز	وروژان، تووڕەکردن، خرۆشان
Exclusion	اتبغاد	دوور خستنەوە، فڕێدان
Excoriation	سجح	ڕووشان، پێست فڕێدان، کاژ فڕێدان
Excrement	براز	پیسایی، گوو
Excrta	أبرازات	ئەو پیساییانەی لەش دەری دەدا
Excete	يبرز	ئەو پیساییانەی لەش دەری دەدا
Excretion	أبراز	گووکردن، ڕییان
Exercise	تمرين	مەشق
Exfoliation	توسف	پوولەکە فڕێدان
Exhalation	زفير	هەناسەدانەوە
Exhaustion	نهك	شەکەتبوون، ماندوبوون، پەککەوتن، پڕوکان
Exhibit	معرض، يعرص	پێشاندان، دەرخستن
Exhibitionism	تعّري	ڕووتبوونەوە، لەش دەرخستن
Exodonta	قلع السن	ددان هەڵکێشان
Exomphalos	فتق سرّي	قۆڕی ناوک
Exophthalmos	جحوظ	چاو دەرپۆقین
Exotropia	حول	خێڵی

Expansion	امتداد، توسع	درێژبوون، فراوانبوون، کشان
Expectoration	ذفث، قشع	بەڵغەم فڕێدان
Experiment	تجربة	تاقیکردنەوە، ئەزموون
Expiration	زفير	هەناسەدانەوە
Exploration	استفصاء	پشکنین
Explosion	أنفجار، منفجر	تەقین، تەقینەوە
Exsanguination	أستنزاف	خوێن دەرهێنان، بێ خوێن کردن
Exsiccation	تجفيف	وشککردنەوە
Extension	أمتداد، بسط	کشان، درێژبوون، پانبوون
Exterior	خارج	دەرەوە
External	خارجي	دەرەکی، لە دەرەوە
Extinguish	يطفي، يخمد	کوژاننەوە
Extra (prefix)	أضافي، خارجي (سابقة)	سەرەڕا، دەرەوە (پێشگر)
Extra - Articular	خارج المفصل	دەرەوەی جومگە
Extrabronchial	خارج القصبة	دەرەوەی قورگوڕاگە
Extracapsular	خارج المحفظة	دەرەوەی بەرگ یا کیف
Extracarodial	خارج القلب	دەرەوەی دڵ
Extracellular	خارج الخلية	دەرەوەی خانە
Extracorporal	خارج الجسد	دەرەوەی لەش
Extract	خلاصة	پوختە
Extrahepatic	خارج الكبد	دەرەوەی جگەر
Extranuclear	خارج النواة	دەرەوەی ناوک
Extraocular	خارج المقلة	دەرەوە گلێنە
Extrauterine	خارج الرحم	دەرەوەی منداڵدان
Extravasation	تسرّب	دزەکردن، خوێن چوونە شانەوە
Extremity	طرف	پەل (دەست و قاچ)
Extrinsic	خارجي	دەرەکی، لە دەرەوە
Extrusion	بثق	دەرچوون، لازان (لە ڕیز لادان)
Exudation	نضح	دەڵاندن، دەرکردن (وەکو ئارەقە دەردان)

Eye	العين	چاو
Eye Ball	مقلة	گلێنه
Eye Brow	حاجب	برۆ
Eye Ground	قا ع العين	بنکی چاو، بنی چاو
Eye Lash	هدب	برژانگ، برژۆڵ
Eye Lid	جفن	پێڵوو
Eye Shield	غطاء العين	چاوپۆش
Eye strain	جهد العين	ماندوێتی چاو



Face	وجه	ڕوو
F. Presention	جبيئة الوجه	بەڕوودا هاتن (کۆرپە لە زگی دایکیدا بەڕوودا دێتە دەرێ)
Facet = Factte	وُجَيه	ڕووپەکی بچووک
Facial	وجهي	ڕوویی
Facies	سحنة	فەساڵ، ڕەزا، ڕوخسار
Facilitation	سهل، يسر	ئاسانکردن
Facioplasty	تقويم الوجه	ڕوو ڕێکخستن، ڕوو چاککردن
Factitious	مصطنع	دەستکرد
Factor	عامل	کارا، کۆلکە
Facultative	إختياري	بەئارەزوو
Fahrenheit	فارنهايت	فارنهایت
Failure	قصور تقصير	سەرنەکەوتن، دواکەوتن، پەککەوتن
Faint	غشية	بورانەوە، لە هۆش خۆچوون
Falciform	منجلي	داس (هەر ئەندامێک لە شێوەی داسدا بێت)
Fallopian Tube	البوق	لوولەی فالوپ، گەرارۆ
False	كاذب	درۆزنە
Falx	منجل	داس

Fames	جوع	برسێتی
Family	أسرة	خێزان
Famine	مجاعة	گرانی، قاتوقڕ
Farcy	رعام	مرخه
Farsightedness	بعد النظر	دووربینی (دووڕەوە باش دەبینێ)
Fasc = Fasciculous	حزمة	چەپک، گوڕزە، دەسک
Fascia	لفافة	بەستەر (ئەو چنراوەی (شانەی) چەند ماسوولکەیەک پێکەوە دەبەستێ) پێچەر
Fascicular	ملفوف	پێکەوە بەستراو
Fasciculus	حزيمة	چەپکۆڵە (چەپکێکی بچووک)
Fasciorrhaphy	رفو اللفافة	بەستەر دروونەوە
Fasciotomy	شق اللفافة	بەستەر هەڵدڕین
Fascitis	التهاب اللفافة	سووتانەوەی بەستەر
Fast	سريع، صامد، مقاوم	خێرا، بەرگر
Fastness	صمود	بەرگری
Fat	دهن	ڕۆن
Animal Fat	شحم	پیو، بەز، ڕۆنی زیندەوەر
Fatal	مميت	کوشندە، بکوژ
Fatigue	تعب	ماندوێتی
Fatty	دهني	چەوری
F. Acid	حمض دهني	ترشی چەوری
Fauces	حلق	گەروو
Faucial	حلقي	گەرووی
Faucitis	التهاب الحلق	هەوکردنی گەروو
Favus	قرع	کەچەڵی
Febricant	حام	تا لێ هێن (دەبێ بە هۆی تا)
Febricide	مانع الحمى	تانەهێڵ
Febricula	حمى ضفيفة	گەندە تا، نەرمە تا
Febrile	حمى	تا

Febris	حمى	تا
Fecalith	حصاة الغائط	زیخی گوو، زیخی پیسایی
Feces = Faeces	غائط	گوو، پیسایی
Fecundation	أخصاب	ئاوسکردن، زگ پڕکردن
Feeble Mindedness	ضعف الذهن	گەوجی، نازیرەکی
Feeding	أطعام	دەرخوارددان
Fel	صفراء	زراو، زەرداو
Felon = Witlow	خراج الاصبع	مووی پەنجە
Female	أنثى	مێ
Feminine	أنثوي	مێیینە، ژنانە
Feminism	الانثوية	ژنانێتی، مێیینەیەتی
Feminity	أنثوي	ژنانی
Femdral	فخذي	ڕانی
Femur	عظم الفخذ	ئێسکی ڕان
Fenestra	كوة	کلاو ڕۆژنە (وەکو پەنجەرە)
Fenestration	التثقيب	کونکردن، سمین، کوناو دەرکردن
Ferment	خميرة	هەوێن
Fermentation	أختمار	هەڵهاتن (وەکو دەڵێن هەویرەکە هەڵهاتووە)
Ferrum	حديد	ئاسن
Fertile	خصب	بەردار، بەپیت
Fertilization	أخصاب	ئاوسکردن، زگپڕکردن
Festinant	أسراع	خێراکردن، گوڕ سەندن
Fetal	جنيني	ئاوڵەمەیی، پزی
Fetalometry	قياس الجنين	ئاوڵەمە پێوان
Feticide	قتل الجنين	ئاوڵەمە کوشتن
Fetid	نتن	بۆگەن
Fetor	نتن	بۆگەن
Fetus = Faetus	جنين	ئاوڵەمە. پس
Fever	حمى	تا

Fiber = Fibre	ليف	ڕیشاڵ، دەزوو، تاو، ڕیس
Fibril = Fibrilla	لیُیف	دەزووڵە، ڕیشاڵە، ڕیشاڵوکە
Fibrillation	رجفان	ڕیشاڵی ماسوولکە، لەرینەوە، لەرزین
Auricular. F (Atrial)	رجفان اذيني	لەرزینی گوێچکە (گوێچکە دڵ)
Ventricular. F	رجفان بطيني	لەرزینی زگۆڵە (زگۆڵەی دڵ)
		لەرینەوەی زگۆڵە، زگۆڵە لەرینەوە
Fibrin	لُييفين	ڕیشاڵین – (فایبرین ئەو مادەیەیە دەبێتە هۆی خوێن مەیین)
Fibrinogen	منشئ الليفين	فایبرین دروستکەرە
Fibro (Prefix)	ليفي (سابقة)	ڕیشاڵی (پێشگر)
Fibro Adipose	ليفي شحمي	ڕیشاڵی بەزی، بەزە ڕیشاڵ
Fibrocartilage	ليفي غضروفي	ڕیشاڵی کرۆکڕەیی، کرۆکڕە ڕیشاڵ
Fibro Cellular	ليفي خلوي	ڕیشاڵی خانەیی، خانە ڕیشاڵ
Fibrocyst	كيس ليفي	تووڕەکەی ڕیشاڵی، ڕیشاڵە تووڕەکە
Fibrocytogenesis	تكوّن الخلايا	دروستبوونی خانەی ڕیشاڵی
Fibroma	ورم ليفي	لووی ڕیشاڵی، ڕیشاڵە لوو
Fibromectomy	قطع الورم الليفي	لووی ڕیشاڵی بڕین، ڕیشاڵە لوول بڕین.
Fibromembranous	ليفي غشائي	ڕیشاڵی پەردەیی
Fibromuscular	ليفي عضلي	ڕیشاڵی ماسوولکەیی
Fibromyomectomy	قطع الورم الليف العضلي	لووی ڕیشاڵی ماسوولکەیی بڕین
Fibromyositis	التهاب الليف العضلي	سووتانەوەی ڕیشاڵی ماسوولکەیی
Fibrosis	تليف	بوونە ڕیشاڵ
Fibrositis	التهاب الليف	هەوکردنی ڕیشاڵ

Fibrous	ليفي	ڕیشاڵی
Fibula	شظية	تەڵەزم (ئێسکە باریکەکەی لاق)
Fibular	شظوي	تەڵەزمی
Field	مجال	مەیدان، گۆڕە پانێ، بوار
Fig	تين	هەنجیر
Figure	شكل	شێوە، وێنە
Filament	خيط	دەزوو، تاڵ، ڕیسی
Filamentous	خيطي	دەزوویی، ڕیس
Filamentum	خيط	دەزوو، ڕیشاڵ، ڕیس
Filling	ملء	پڕکردن
Film	رقيق، فلم	تەنک، تۆزاڵ، فیلم
Filter	مرشحة	پاڵێوک، ئامرازی پاڵاوتن
Filtrate	رشحة، رشيح	پاڵاوتە
Filtration	ترشيح	پاڵاوتن
Fimbria	هدية	ڕشاڵ، ڕیشو، برژانگ
Fimbriated	مهدّب	ڕیشاڵدار، ڕیشودار، برژانگدار
Find	وجد	دۆزییەوە
Finger	أصبع	پەنجە، قامک، ئەنگوست
Finger Print	بصمة الأصابع	مۆری پەنجە
First Aid	أسعافات أولية	یارمەتی سەرەتایی
Fission	أنشطار	کەرتبوون، لەت لەتبوون
Fissure	فطر	قڵیش
Fistula	ناسور	ناسۆر
Fistulectomy	قطع الناسور	ناسۆر بڕین
Fit	نوبة	نۆرە، لێهاتن، گرتن
Fixation	تثبيت	چەسپاندن، قایمکردن
Flaccid	رضو	شل، نەرم
Flagellum	سوط	قامچی – برژانگ
Flame	لهيب	گڕ (گڕی ئاگر) گڵپە
Flank	خاصرة	کەلەکە، لاپاڵ، کەمەر
Flap	سولة	تۆی، تۆیکردن

Flat	مسطح	پان
Flat Foot	قدم روحاء	پێ پان
Flatulence	أنتفاخ	باکردن، باویژه
Flat Worm	دودة مسطحة	پانەکرم، کرمی پان
Flea	برغوث	کێچ
Flea Born	منقول بالرغوث	کێچ بلّاوی دەکاتەوە
Flection	ثنى	نوشتاوە، چەماوە، قەد
Flesh	لحم	گۆشت
Flex	ثنى	نوشتاوە، چەماوە، قەد
Flexion	ثني	نووشتاوە، چەماوە، قەدکردن
Flexure	ثنية	نوشتاوە، چەماو، قەد، لۆچ
Flocculation	نَدق	شیکردنەوە. کردنەوە
Fluid	سائل	شلە، شلاو
Fluke	دودة مسطحة	پانەکرم، کرمی یان
Fluorescence	ومضات	برووسکە، گەشانەوە
Flush	أحمرا الوجه	ڕوو سوورهەڵگەران
Flutter	هز هزة	لەرینەوە، شەکانەوە، ڕاژەندن
Fly	ذباب	مێش
Foam	رغوة	کەف
Focus	بؤرة	تیشک کۆ، تیشکۆ (ئەو شوێنەی تیشکی تێدا کۆ دەبێتەوە)
Fog	ضباب	تەم، تەمومژ
Fold	طية	نووشتاوە، قەد
Follicle	جريب	مەشکۆڵە، کیسۆڵە
Follicular	جريبي	مەشکۆڵەیی
Folliculitis	التهاب الجريبات	هەوکردنی مەشکۆڵە
Folliculus	جريب	مەشکۆڵە
Fomentation	كمادة	بەگەرمی و تەڕی چارەکردن
Fontanel	يافوخ	تەوقەسەر، تەپڵی سەر
Fontanelle	يافوخ	تەوقەسەر، تەپڵەسەر

Food	طعام	خواردەمەنی
Foot	قدم	پێ
Foramen	ثقب	کون
Force	قوة	هێز، تین
Forceps	ملقط	مەقاش
Fore Arm	الساعد	بازوو
Fore Head	جبهة	تەوێڵ، ناوچەوانی
Foreign	غريب	بێگانە، بیانی
Form	شكل	شێوە
Formication	تنمل	مێروولەکردن
Formula	معادلة، صيغة	هاوکێشە، شێوگ
Fornix	قبة	گومەز
Fossa	صفرة	چاڵ، نشێوی، بۆشایی
Fossula	صفيرة	چاڵۆکە، چاڵێکی بچووک
Fovea	صفيرة	چاڵۆکە، چاڵێکی بچووک
Fraction	جزء	پارچە، بەش
Fracture	كسر	شکان
Fracture - Dislocation	كسر خلعي	شکانی لەجێچوون (جوومگە لەجێچوون لەگەڵ شکانی ئێسکەکەیدا)
Fragile	هش	ناسک. زووشکست
Fragment	فتاة	برِشت، پارچە
Fragmentation	تفتيت	پارچەکردن، وردکردن
Frame	أطار	چوار چێوە
Frequency	ترداد	لەرە، لەرینەوە
Friable	هش	ناسک، زوو دەشکێت
Friction	إحتكاك	خشان، لێک خشان
Frigidity	برودة	ساردی
Fringe	هدبة	ڕیشو، ڕیشاڵ، شیتاڵ
Frog	ضفدعة	بۆق
Frontal	جبهي	تەوێڵی، ناوچەوانی

Frontalis	جبهي	تەوێڵی (ماسوولکەیە)
Fronti Petal	مستجبة	بەرەو پێشەوە
Froto Malar	جبهي وجني	تەوێتی گۆنەیی
Fronto Maxillary	جبهي فقمي	نەوێڵی کاکیلەیی
Frontonasal	جبهي أنفي	تەوێڵی لووتی
Fronto Occipital	جبهي قفوي	تەوێڵی پشتەسەری
Fronto Parietal	جبهي جداري	تەوێڵی دیواری
Fronto Temporal	جبهي صدغي	تەوێڵی لاجانگی
Frost	صقيع	زوقم
Frost Bite	شرث، عضة الصقيع	سەرمابردن
Fructose	سكر الفاكهة	شەکری میوە
Fructosuria	بيلة سكر الفاكهة	میزی شەکری میوە
Fruit	فاكهة	میوە
Frustration	خيبة	سەرنەکەوتن، نوشوستی
Fugitive	عابر، جوال	ڕێبوار، گەڕۆک
Fumigation	تدخين	دووکەڵکردن، قانگدان
Function	وظيفة	کردەوە، کار
Fundemental	أساسي	بنیات، بنچینەیی
Fundectomy	قطع قاع الرحم	بنک برین (بنکی منداڵدان)
Fundus	قاع	بن، بنک
Fundus Oculi	قاع العين	بنی چاو، بنکی چاو
Fundus Uteri	قاع الرحم	بنی منداڵدان
Funduscope	منظار القاع	دووربینی بنک (چاو) بنکبین
Fundusectomy	قطع قاع المعدة	بنک برین (بنکی گەدە)
Fungal	فطري	قارچکی
Fungus	فطر	قارچک
Funiculus	حبل	پەت، گوریس، تۆوەڕۆ پەتی ناوک
Funiform	حبلي	گوریسی، پەتی، وەکو گریس
Funnel	قمع	ڕەحەتی، کۆڤک
Fur	فرو، طلاء	بەڵغ، بەڵغی زمان

Furrow	أخدود	کەلێن، دابڕ
Furuncle	دمل	دوومەڵ، قونێر
Furunculosis	تدمل	دوومەڵ دەرکردن، دوومەڵ لێهاتن
Fuse	ينصهر	تواننەوە، دەتوێتەوە، شل دەبێتەوە
Fusiform	مغزلي	تەشیلەیی
Fusion	انصهار، اندماج	پێکەوە نووسان، شلەوەبوون

G

Gait	مشية	ڕۆیشتن، لۆق هاوێشتن، ڕەوت
Galactagogue	تزايد الحليب	شیر زۆربوون
Galactocele	قلية حليبية	تووڕەکەی شیری
Galactometer	مقياس كثافة الحليب	خەستیی شیر پێو
Galactophagus	يعيش على الحليب	شیرەخۆرە، شیرەژێ
Galactophore	قناة الحليب	لوولەی شیر، شیرەڕۆ
Galactophoritis	التهاب قنوات الحليب	هەوکردنی شیرەڕۆ
Galactopyra	حمى الحليب	تای شیر
Galactorrhea	ثر الحليب	شیرزۆربوون، مەمک بزوتن
Galactoschesis	قمع الحليب	شیر نەهاتنەدەری، شیرقەتیس بوون
Galactose	سكر الحليب	شەکری شیر
Galactosuria	بيلة سكر الحليب	میزی شەکری شیراوی
Gall	الصفراء	زەرداو
Gall Bladder	المرارة	تووڕەکەی زراو (زرداو)
Gall Stone	حصاة المرارة	زیخی تووڕەکەی زراو
Ganglia	عقدة	گرێ
Ganglion	عقدة	گرێ
Ganglionectomy	قطع العقدة	گرێ بڕین
Gangrene	موات	لاڕەشە، گانگرین
Gap	مسافة	ماوە، دەلاقە

Garbage	نفاية	بەرماوە
Garg = Gargle	غرغرة	غەرغەرە، تێ وەردان
Gas	غاز	گاز، غاز
Gaseous	غازي	گازی، غازی
Gasogenic	مولد الغاز	گاز دروستکەرە
Gasometer	مقياس الغاز	گاز پێو
Gasometry	قيا الغاز	گاز پێوان
Gastralgia	ألم المعدة	گەدە ئێشان، ئێشی گەدە، گەدەئێشێ
Gastrectomy	قطع المعدة	گەدە بڕین
Gastric	معدي	گەدەیی
Gastritis	التهاب المعدة	هەوکردنی گەدە
Gastro - Gastr (Prefix)	معدي (سابقة)	گەدەیی (پێشگر)
Gastrocolic	معدي قولوني	گەدەیی کۆڵۆنی
Gastroenteritis	التهاب المعدة و الامعاء	هەوکردنی گەدە و ڕیخۆڵە
Gastroenterologist	مختص بالجهاز الهضمي	پسپۆڕی کۆئەندامی هەرس پسۆڕی کۆئەندامی خواردەمەنی
Gastroenterology	علم الجهاز الهضمي	زانستی کۆئەندامی هەرس، کۆئەندامی هەرسزانی
Gastroenterostomy	مفاغرة معدية معوية	گەدە و ڕیخۆڵە لێکدان
Gastroesophageal	معدي مريئي	گەدەیی سووڕێنچکی
Gastrohepatic	معدي كبدي	گەدەیی جگەری
Gastrohepatitis	التهاب المعدة و الكبد	هەوکردنی گەدە و جگەر
Gastrointestinal	معدي معوي	گەدەیی ڕیخۆڵەیی
Gastroliental	معدي طحالي	گەدەیی سپڵی
Gastrolith	حصاة المعدة	زیخیی گەدە
Gastrologist	أخصائى المعدة	پسپۆڕی گەدە
Gastromegaly	تضخم المعدة	گەدە زلبوون
Gastropancreatitis	التهاب المعدة و البنكرياس	سووتانەوەی گەدە و پانکریاس
Gastroparalysis	شلل المعدة	شەپڵەی گەدە

Gastropathy	علل المعدة	نەخۆشی گەدە
Gastrophrenic	معدي حجابي	گەدەیی ناوپەنچکی
Gastroptosis	تدلي المعدة	گەدە شۆڕ بوونەوە، گەدە خزان
Gastrorrhagia	نزف المعدة	خوێنی گەدە بەربوون
Gastrorrhaphy	رفو المعدة	گەدە دروونەوە
Gastrorrhexis	تمزق المعدة	گەدە درِان
Gastroscope	فظار المعدة	دووربینی گەدە، گەدە بین
Gastrospasm	شنج المعدة	گەدە کرژبوون
Gastrosplenic	معدي طحالي	گەدەیی سپڵی
Gastrostenosis	تضييق المعدة	گەدە تەنگ بوون
Gastrostomy	فقرة المعدة	گەدە هەڵدرِین (لێکدان)
Gastrotomy	شق المعدة	گەدە هەڵدرِین
Gastrotympanites	تطبل المعدة	با کردنی گەدە، باو بژەی گەدە
Gauze	غزي	شاش، تووڵ
Gel = Gelatine	هلام – هلامة	جەلاتین
Gelatinous	هلامي	جەلاتینی
General	عام	گشت، هەمەکی
General Paralysis of Insane	الشلل العام الجنوني	شەپڵەی گشتی شێتی
Generation	جيل	نەتەوە
Generic	جنسي	رِەگەز
Genesis	نشوء	دروستبوون
Genetics	علم الوراثة	بۆماوەزانی
Genecular	ركبي	ئەژنۆیی
Geneculate	ركبي	ئەژنۆیی (نوشتانەوە وەکو ئەژنۆ)
Genital	تناسلي	زاوزێیی
Genitalia	أعضاء التناسل	ئەندامی زاوزێ
Genitals	أعضاء التناسل	ئەندامی زاوزێ
Genius	متميز	بلیمەت، دیار
Genu	ركبة	ئەژنۆ، چۆک


Genus	جنس	ڕەگەز
Geophagia	أكل الطين	گڵە خۆرێ
Geophagism	أكل الطين	گڵ خواردن
Geriatrics	علم الشيوخ	زانستی پیران (پیرزانی
Germ	جرثومة	میکرۆب – سەرەتای ئاوڵەمە
Germicidal	حبيد الجراثيم	میکرۆبکوژە
Germination	أنبات، أنتاش	چرۆدەرکردن، تەقین (ڕووەک)
Geromorphism	شيخوخة مبكرة	پیری پێش وەخت، زوو پیربوون
Gerontology	علم الشيخوخة	زانستی پیری، پیریزانی
Gerontophilia	حب الشيوخ	حەز لە پیرکردن، پیرباز
Gestation	حمل، حبل	زگپری، ئاوس
Giant	عملاق	زەبەلاح، کەتە، زل
Giantism	العملقة	زەبەلاحی، کەتەیی، زلی
Giddiness	دوار	گێژی، سەر سووڕخواردن
Ginger	زنجبيل	زەنجەفیل
Gingerol	دهن زنجبيل	ڕۆنی زەنجەفیل
Gingiva	اللثة	پووک
Gingival	لثوي	پووکی
Gingivalgia	ألم اللثة	پووک ئێشە
Gingivectomy	قطع اللثة	پووک بڕین
Gingivitis	التهاب اللثة	هەوکردنی پووک
Gingivoglossitis	التهاب اللثة و اللسان	هەوکردنی پووک و زمان
Gingivolabial	لثوي شفوي	پووکی لێوی
Gingivostomatitis	التهاب اللثة و الفم	هەوکردنی (سووتانەوەی) پووک و دەم
Girdle	حزام	پشتێنی
Gland	غدة	لوو
Glanders	رعام	مرخە
Glandula	غدة	لوویەکی بچووک، لوو
Glandular	غدي	لووی
Glans	حشفة	کلاوەی کێر

Glass	زجاج	شووشه
Glavcoma	الزرق	ئاوی ڕەش، ڕەشایی(له چاودا)
Globule	كرية	گۆیەکی بچووک
Globus	كرة	گۆ، تۆپ
Glomerular	كُبيبي	کلاّفەیی، گلۆڵەیی
Glomerulus	كبيبة	کلاّفە، گولۆڵە (کلاّفە دەماری خوێن لە گورچیلەدا)
Glossal	لساني	زمانی
Glossectomy	قطع اللسان	زمان بڕین
Glossitis	التهاب اللسان	هەوکردنی زمان
Glossopalatinus	اللسانية الحنكية	زمانی مەلاّشوویی
Glossopathy	علل اللسان	نەخۆشیی زمان
Glossopharyngeal	لساني بلعومي	زمانی گەرووپی
Glossophytia	لسان اسود	زمانی ڕەش، زمانە ڕەشە
Glossoplegia	شلل اللسان	شەپڵەی زمان
Glossoptosis	تدلي اللسان	زمان شۆڕبوون
Glossorrhaphy	رفو اللسان	زمان دروونەوە
Glossospasm	شنج اللسان	زمان بەگیروەستان، زمان کرژێ
Glossotomy	شق اللسان	زمان هەڵدڕین
Glucose	سكر العنب	شەکری ترێ، گلوکۆز
Glucosuria	بيلة سكر العنب	میزی شەکری تڕێیاوی، شەکری ترێ میزێ
Gluteal	ألوي	سمتی
Gluteofemoral	ألوي فخذي	سمتی ڕانی
Gluteoinguinal	ألوي اربي	سمتی ئەشکەنجی (پەنا ڕان)
Gluteus Muscle	العضلة الالوية	ماسوولکەی سمت، گۆپیتەی سمت
Glycemia	سكرية الدم	شەکرە خوێنێ، خوێنی شەکراوی، شەکر لە خوێندا
Glycogen	كلايكوجين	گلایکۆجین

گلایکۆجین دروستبوون	تكوّين الكلايكوجين	Glycogenesis
گلایکۆجین توانەوە	حل كلايكوجين	Glycogenolysis
دەردە گلایکۆجین	داء الكلايكوجين	Glycogenosis
شەکر تووانەوە	حل السكر	Glycolysis
میزی گلوڵوزاوی، شەکرە میزێ، گلوکۆزە میزێ	بيلة گلوكوزية	Glycosuria
گەورەبوونی لووە کوێرەی بن مل	دراق	Goiter
زێڕ، تەڵا	ذهب	Gold
لووی زاووزێ (هێلکەی گون، یا گەرادانی ئافرەت)	قند	Gonad
لووی زاووزێ بڕین (هێللکەی گون و یا گەرادانی ئافرەت)	قطع القند	Gonadectomy
خڕۆکەی سوورزەنەک (میکرۆب)	مكورات السيلان	Gonococcus
سووزەنەک	السيلان	Gonorrhea
سووزەنەکی	سيلاني	Gonorrheal
سمە، سمۆ	أزميل	Gouge
مەشکۆڵەی گراف	حويصلة كراف	Grafrian Follicle
پینە، پارچەیەک پێست (بۆ پیتەکردن)، موتوربەکردن	رقعة	Graft
پینەکردن، موتوربەکردن	ترقيع	Grafting
نەخشە (پاشگر)	مخطط (لاحق)	Gram
گرام = ١/١٠٠٠ی کیلۆگرامێک	غرام	Gram=Gramme= Grm
گەورە، مەزن	كبير	Grand
فێی گەورە، پەرکەمی گەورە	الصرع الكبير	Grand Mal
وردە تەن، دەنکۆڵەیی	حبيبية	Granulation
ورد، دەنک	حبيبة	Granule
